# هەڵوەشاندنەوەی سێنترالیزمی پیاو بوون

نیهاد جامی

بۆ ئەوەی لەدیدێکی تاك ڕەهەندەوە سەیری ژن نەکەین‌و بەڵکو لەبونیادی ڕەگەزیەوە قسەی لەبارەوە بکەین، دەڵێین نووسین لەبارەی ژنەوە دوو دەقمان پێ دەنووسێتەوە ، هەریەکەیان بە هۆی سیستمی تایبەتمەند بە تەواوی لە یەك جیاوازن ، دەقی یەکەم دەقێکە توانای ئەوەی نیە ژن لەو سیاقە کۆمەڵایەتییە دەربکات ،چونکە توانای خوێندنەوەی ئەو گریمانە سەپێنراوەی نیە کە ژن وەك پەراوێزێك سەیردەکات ، بۆیە ڕاستەوخۆ دێتە سەر سەر چەند سەرنجێك کە دەبێ ژن پایەی بۆ ناوکۆمەڵگا بۆ بگەڕێندرێتەوە ، بێ ئەوەی ئەو زەمینەیە بە هەند وەربگرێت کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا بوونی نیە، کاتێ زەمینەی گۆران بوونی نەبوو، دەبێ ئاراستەی ئەو دەقە داخراوە جێ بێلین، یان ئەوەتە بەتەواویی ڕەخنەی ئاراستە  بکرێت، ڕەخنەیەك تەواویی ئەو سیستمە ڕێکخەرەی هەڵوەشێنینەوە، دیارە ئەوە تەنیا چارەسەری ئەو کێشەیە نییە دەکەوێتە نێو پرۆسەی هەڵوەشاندنەوە گەرایی، بەڵکو تەواوی ئەو میکانیزمەشە کەقسە لەئازاد بوونی ئەو ڕەگەزە دەکات، بەمانای دەبێ چاو پۆشی نەکرێت لەو تێروانینە هاودژە لەیەکچووەش کەرێکخراوەکانی ژنان پیادەی دەکەن، لەئاراستەیەکدا ئەو دۆخە بەدۆخی ئازادبوونی ژن ناو دەبرێت، بەپێچەوانەی ئەویش لە ئاراستەیەکی تردا لە ئەرشیف کردنی قوربانیەکانی دەیەوێ پێمان بلێ ژن لەو کۆمەڵگایەدا هەرگیز ئازاد نییە، ئەو دوو ئاراستەیە چەندە هاودژن لەگەڵ یەکتریی هێندەش لەیەك دەچن، چونکە هەریەکێکیان خاوەنی دیدێکی ئایدۆلۆژیی تاکرەهەندە، کەتوانای خوێندنەوەی ئاستە جیاوازەکانی نییە.

بۆیە ئەو دەقە کەخاوەن سیستمێکی کۆمەڵایەتی داخراوەو دەلالەت تیایدا خاوەن یەك مانای نەگۆرە ئەویش ئەوەیە کەژن ئازاد نییەو دەبێ لەو قۆناغەدا ئازاد بێت، ڕەخنەگرتن لەو دەقە خولقاندنی دەقی دووەمە کەدەقێکی ڕەخنەییە دەقێکە لەرێگەی ڕەخنەگرتن لەسێنتەریی دەقی یەکەم دێتە بوون.

لەو دەقەدا ڕەخنەگرتن لەسێنتەر.. هەڵوەشاندنەوەی ئەو عەقڵیەتەیە کەلەپشت دامەزراندنی بروا نێرینەیەکانی ژنە، ژن بەلایەوە هەڵگری چەمکێکی مەجازییە، ئەوە ئەو ڕەگەزە نییە خۆی دەکات بەکۆیلە، بەڵکو ئەو سیستمە نێرسالارییە کەووشەی ژن لەناوچەمکی مەجاز بۆ بێدەسەڵاتی دەگەرێنێتەوە، بۆیە لەو  دەقە نوێیەدا ژن لەئاستی دەنگی ووشە کەخاوەن چەمکێکی کۆنکرێتیی نییە، بەڵکو ئەوە مەجازە دەتوانێ بەپێی سیاقی رستەکە بچێتە دۆخی گۆرانەوە، مادامەکی وشەی پیاو لەنێوان کارەکتەریی (پاڵەوان)و (خۆفرۆش) گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەوا وشەی ژنیش بەهەمان شێوە توانای گۆڕانی هەیە، بەمانایەکی تر ئەو سیفەتەی دەدرێت بەو ڕەگەزانە (ژنبوون)و (پیاوبوون) سیفاتی ئەزەلی نین‌و بەڵکو کۆمەڵایەتین بەپێی دۆخە کۆمەڵایەتیەکان گەشە دەکەن‌و دەچنە ناو قۆناغی گۆڕانەوە.

بەمەجاز بینینی ژن میکانیزمێکی هەڵوەشاندنەوەی نییە، بەڵکو بەدوای ئەو مەجاز بینینە میکانیزمەکانی ئەو ڕەخنەیە دەردەکەون، ئەویش نەك بەقسەکردنەوەی ڕاستەو خۆ لەسەر ئاسۆو قەیرانەکانی ژن، بەڵکو ڕێك بەپێچەوانەوە ئەوەی ڕەخنەی ئاراستە دەکرێت پیاوەو ژن لەو ڕەخنەیە دەکرێتە دەرەوە، بەواتای ئەو ڕەخنەیە ژن دەکات بە(نائامادەگیەکی ئامادە) چونکە کێشەکە لەوێدا نییە چۆن بیر لەئازادیی ژن بکرێتەوە، ئەوە جگە لەگەمەیەکی بێمانا بەشتێکی ترمان ناگەیەنێ، چونکە کاتێ کۆمەڵگایەکمان هەبێ بەدرێژایی زەمەن لەئازادیەکانی خۆی بترسێ، چۆن دەکرێت ئازادیی ژن بکرێتە پرۆسەیەکی تێرامانخوازیی, بەڵکو پێویستە لەرێگەی پرسیارکردن لەو سێنتەرەی پیاو بوون هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی ئەو گوتارە بدرێت، ئەوەش لەرێگەی پرسیاریی: پیاو بوون چییە..؟ پیاو بوون چەندە کارەکتەرێکی بارگاوی کراوە لەناو سیفاتەکانی بەهای خێڵەکی لەرووی زەبرو زەنگ‌و هێز نواندن، بەڵام ئەو گوتارە ڕێگەی نەداوە ئەو سیفەتانە ببنە سێنتەر، هێندەی وەك فاکتەرێك بۆمانەوەی سێنتەر دەرکەوتوون، سێنتەری پیاو بوون ئاماژەیە بۆ ئەندامی سێکسی نێرینە، ئەو ئەندامە ئاماژەیە بۆ ئەو سێنتەرە، بەڵام هەڵوەشاندنەوەی سێنتەر هەرگیز ڕەتکردنەوەی ئەو ئەندامە غەریزەییە نییە، چونکە ئەو ئەندامە لەجەوهەردا بارگاوی کراوە بەئاماژەیەك بۆ ئەو گوتارە، بەتاڵ کردنەوە لەو بارگاوی گوتارە مانای وایە، وەك بەشێکی ئەندامێکی غەریزەیی لەپاڵ ئەندامی سێکسی ژن دەبنە گوتاری ژیاندۆستی جەستە.

لێرەدا ڕووبەرووی پرسیارێکی تر دەبینەوە، کەوا بێ چۆن سێنتەر هەڵبوەشێنینەوە..؟ ئەگەر تۆزێكووردتر سەیری ئەو ئەندامە نێرینەییە بکەین کەبووە بەئاماژە بۆ گوتاریی پیاو بوون، بەڵام ئەوئاماژەیە لەهیچ کاتێکدا وەزیفەی دەلالی نییە بۆ سێنتەر، چونکە ئەندامێکی غەریزەییەو توانای بیرکردنەوەی نییە، ئەو ئاماژەیە لەگەڵ نێرەربوونی  بۆ کۆمەڵگا، دەبێ بەکەناڵی گەیاندنی نێوان (عەقڵ)و (کۆمەڵ)، ئیدی پیاو بوون لەو کاتەدا دەبێ بەگوتارێکی عەقلانی، بۆیە هەڵوەشاندنەوەی سێنتەریش،

هەڵوەشاندنەوەی سێنترالیزمی لۆگۆسی (عەقڵ)ە هەڵوەشاندنەوەی ئەو عەقڵەیە کەبیرکردنەوە تیایدا پێوانەیە بۆ توانایی ئاستی سێکسی، ئەوەش تەنیا لەناو بیرکردنەوەی کۆمەڵگادا نامێنێتەوە، بەڵکو دەپەڕێتەوە بۆ ئاستی زمان، بەمانای ئەو گوتارە لەدوا پرۆسەیدا دەبێ بەگوتارێك کەسێنتەر بوونی لەناو (زمان)و (عەقڵ)دایە، نەوەکو لەناو ئەندامی سێکسی، چونکە زمان میکانیزمێکە بۆ بەردەوامی بەخشین بەو گوتارە تەنانەت زمان توانای ئەوەی هەیە لەرێگەی دیاردەیەکی دەروونی وەك (زهان ZHAN) قسەکەر بناسێت، کەدیارە پیاو لەدنیای ئێمەدا کارەکتەرێکە بەشێکی خەیاڵی تواناکانی لەرێگەی قسەکردنەوە دەرکەوتوون، دیارە ئێمە هەرگیز مەبەستمان لەو قسانەئەوە نییە کەدەیکات، بەڵکو مەبەست لەوانەیە کەنایکات.

بۆ ئەو ناسینەش دەبێ ڕەوانبێژیی زمان هەڵوەشێنینەوە، کەدیارە ئەوەش لەسەر ئەو بنەمایە وەستاوە کەدەبێ (ئاخاوتن)و (نووسین) وەك دوو زانستی سەر بەخۆبناسین و لەناو زمانی کوردیی لەیەکتریان جیا بکەینەوە، جیاوازیی نێوان ئەو دوو زانستەمانای قسەکردنە لەمێژووی ژن، مێژوویەك پەیوەندی بەگێرانەوەی ئەو حیکایەتە خورافیانە نییە کەژن وەك دایکێکی قارەمان و ژنێکی قوربانی لەپێناوی نەتەوە جەستەی خۆی دەکاتە قوربانی کێشەی سیاسی، ئەو مێژووە خورافییە مەبەستی بەکۆیلەکردنی ئەبەدیی ژنەو, دەیەوێ یا دەوەریی ژن بۆ ئەو ڕەگەزە بێ بەسێنتەری عەقڵ.

ئەوە لەکاتێکدا لەرێگەی جیاکردنەوەی (ئاخاوتن) لە(نووسین) مانای وایە لەنێوان (بانگەشەکاریی)و (حەقیقەت)دا دەمانەوێ وێنەی واقعی و وێنەی وەهمی لەیەکتریی جیا بکەینەوە، مێژووی ئەفسانەی و مێژووی نوێ تێکەڵی یەکتریی نەکەین.

چونکە ئەگەر ئەفسانە مێژوویەك بێت لەرێگەی ئاخاوتنەوە دەیەوێ وێنای کەسێتی ژن بکات، ئەوا مێژوویی نوێ، مێژووی ساتەوەختی ڕووداوە...... مێژووی ئەشکەنجەدانی ژنە، ئەشکەنجەدان بەتەنیا هەڕەشەیەك نییە لەسەر ژن، بەڵکو لەڕێگەی سیستمی چاودێریی دەزگاکانەوە، مێژووی ژن یەکسان دەکاتەوە... بەمێژووی ئەشکەنجەدان کەلەرێگەی سیستمی چاودێریی، هەڵگریی پرۆژەیەکی مەرگدۆستە ئەویش لەڕێگەی تاقیکردنەوەی جەستەیی ژن لەبەرامبەر تاوانی خودێتی ڕەگەزیی، ئەوەش وەك دیاردەیەکی ئازادیی سیاسی پیاوی کوردەوە دەردەکەوێت. چونکە ئەو مێژووە خاوەنی بیرۆکە بووە، بەلاّم ئەو بیرۆکەیە نەیتوانیووە وەك گوتارێکی مەرگدۆست سنووررو ڕەهەندەکانی خۆی بەو ڕادەیە فراوان بکات هێندەی لەگەڵ ئازادبوونی ئێمە لەراپەرین بوو... ئەو ئازادیە بۆ پیاوی کوردیی دەبێ بەئازادیی بۆ کوشتنی ژن، بەمانای راپەرین دەبێ بەڕاپەرینی پیاوی کورد بەسەر ژن، بەبیانووی شەرەفەوە، بۆیە پرسیارێك کەبێتە بەر دەممان ئەوەیە: ئایا راپەرینی بەهار.. راپەرینی شەرەف بوو.....!؟ئەو پەیوەندی چییە دەکەوێتە نێوان شەرەف و راپەرین، بۆچی راپەرین گوتاریی شەرەڤ بریندار دێنێتە بوون....!؟.

کاتێ لەبەرامبەر دوو یادەوەریی هەڵوەستە دەکەین, پێویستمان بەوە دەبێ‌دەسبەرداریی بی پیرۆز ڕاگرتنی یادەکان بین, چونکە ئەو تێگەیشتنەی‌بۆ پیرۆزی هەمانە, بەوەی دەبێ ستایشی ئەو مێژووە بکەین, تێگەیشتنێکە لەهەناوی خۆیداهەڵگریی سیستمێکی داخراوە, بڕوای بەکرانەوە نییەبۆ دەرەوەی خۆی, بۆ ئەوەی بڕوامان بەکراوە هەبێت دەبێت لەخوێندنەوەیڕەخنەیی بۆ ئەو یادەوەرییەوە دەست پێبکەین, ئەو سیستمە زمانەوانیەی گوتاری کوردبوونمانی بەرهەم هێناوە گوتارێکە دەبێ‌ئیتر بەگومانەوە سەیری بکەین چونکە بەرهەمی کلتورێکی نەخۆشە, هەڵگری زمانێکی دووفاقە, بۆئەوەی لەقسەکردن لەیادەوەرە نەیەینەدەرەوە ئەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین دووفاقی کەسێتی کوردیی هەڵدەگرین بۆ ووتارێکی تر, ئەوەی لێرەدا دەیخەینەڕوو هەوڵێکە بۆدۆزینەوەی بیانوویەك بۆ قسەکردن ئەویش هەردوو یادەوەریی هەشتی مارس و یادی ڕاپەرینە, ئێمە لەو ڕۆژانەدا دەکەوینە بەرامبەر ئەو دوو یادەوەرییە یەکەمیان یادێکی جیهانی و کوردیش دەکرێت قسەی جیاوازیی تیا هەبێت ئەویدیش یادێکی نەتەوەیی کە هەر لەئێستاوە حزبەکان خۆیان بۆ ئامادەکردووە ستایشی ئەو ڕۆژە بکەن و یادەکە بۆناو گریمانەی حزبی کورت بکەنەوە بۆ ئەوەی قسەیەکی تر بکەین کەنەگەرێینەوە سەر ئەو گریمانە ئایدیۆلۆژییە, هەوڵدەدەین قسەکردنەکانمان لەسەر ئەو دوویادە وابەستە بکەینەوە بە ئاکارێکی نوێ کە ئاکاریی ژن کوشتنە ئەگەر ژی ئەو دیاردەیە بەر لەڕاپەرینیش بوونی هەبووەبەلاّم ئەوەی ئەو ئەگەرە دێنێتە پێشەوە پەبوەندیی بەوەوە هەیە ئەمجارە ژنکوژەکان لەبەرگی سیستمی داخراویی خێزان تاوانەکە ئەنجام نادەن, بەڵکو شەرعیەتی بەڕادەیەك پێدەدەرێت بە ئاستی ئەوەی لەڕێگەی بەشێك لە ئاکاریی پێشمەرگەوە سەیر دەکرێت, هەربۆیە ئەگەر یادەوەریی خالێکەلەوێوە دەگەڕێینەوە رابردوو,شانازییەکە بەسەربەرزییەوە لاپەڕەکانی مێژووی تیا هەڵدەدەینەوە, بەلاّم خوێندنەوەی یادەوەریی پرۆسەیەکی ڕەخنەییە, بۆقسەکردن لەئەگەرەکانی‌یادەوەریی, پرسیارە لەخەون..لەماناکانی مێژوو, بۆیە ئێمە لەیادیی ڕاپەریندا بەردەوام بەرەو ساتەوەختی‌ئەو مێژووە دەگەڕێینەوە , نەك بەدوای هاتنی‌ڕوداوەکە بۆ ئەمڕۆ, کەئێمە دەکەوینە بەردەم چ ئاسۆیەك, ئاسۆیەك سیماانی‌ئارایشت دەکاتەوە, یاخود گۆڕان دێنێت؟بۆمن خوێندنەوەی‌ڕاپەرین لەو پرسیارەوە دەست پێدەات ,ئەو پرسیارەش بەرهەمی دەرکردنی بەعسە لە ماڵەکانما, ئایا ئێمە دوای دەرکردنی ئەو دڕندەیە دەتوانین سیستمەکانی زەبروزەنگ بگۆڕین؟ئایا ئێمە ئازادین یا لبەردەم وەهمی ~ازادی داین؟ بەدووبارە قسەکردنەوەلەسەر ئازادیی‌ومۆنۆپۆل کردنی دەسەلاّت لەلایان حزبەکانەوە, بەواتای ئێمە کەوتوینەتە بەردەم دەرگا داخراوەکانی

مێژوو، مێژوویەك چەندە دەرگاكانی خۆی لەبەردەم كورد دادەخات، دەسەڵاتی كوردیش هێندەدەرگاكان لەناوەوە دادەخات، ئیدیی لەناو كۆمەڵگایەك پرسیاری ئەوە ناكەین، ئەگەر تاسبەینێ لەدەرگا بدەین دەرگامان لێ دەكرێتەوە؟ بەڵكو دەپرسین: پێشتر ئەو كیلۆنە زلانە بەدەرگاكانی ماڵی ئێمەوە نەبوون؟بۆچی دەبێ ئێمە واهەست بكەین، ئەگەر بەو نوێژی نیوەڕۆیەدەرگاكان بەتوندی دانەخەین وێران ەبین؟ ئەو ترسە چیە والەدەسەڵاتی ئێمە دەكاكەداكۆكی لەمانەوەی سیستمی ڕابردوو بكا، ئایا ڕاپەرین بەتەنیادەركردنی بەعس بوو، یان ڕاپەرینی خەڵك بوو بەسەردامەزراوەكانیمەرگدۆستی، هەڵبەت مەرگدۆستی زیاد لەمانایەكی هەیە، ئەو كەزیندانێك بۆمن دابنێت و تەنها لەگەڵ دوێنێدا ناوەكەی گۆڕابێت و هێنانەوەی تەرمی كوڕە دراوسێكەمان كە لەشەڕ حزبەكان كوژرابێت، و كچە بچكۆلەكەی براكەم لەبەر دەنگی تۆپی شەڕی حزبەكان نەتوانی شەو بخەوێت، ئەگەر لەشەقامێكدا ویستت لەگەڵ هاوڕێیەكت پیاسە بكەیت لێت یاساغ بكرێت و خوشكەكەت بەناو شاردا تێپەڕێ سوكایەتیپێبكەن، كەواتەئەوسا ناتوانین بڵێین ڕاپەرین گۆڕانی هێناو مەرگدۆستی كۆتایی هات، بەڵكو ئەو یەكێك لەدروشمەكانی دەگۆڕێت بۆ مەرگدۆستی ، مەرگدۆستیپرۆژەیەكە لەكلتوریی ئێمە جیا نابێتەوە، كلتورێك هەرگیز باوەڕیی بەوە نییەبگۆڕێت، بۆیەكاتێ دوانزە ساڵ بەسەر ڕاپەرین تێدەپەڕێت، دەبێ بۆچركەیەكیش بێت ستایش كردنی ئەو یادەڕابگرین و تۆزێك دەست بە چەپڵەكانەوە بگرینو بپرسین ڕاپەرین چی بوو؟چونكە ڕاپەرین هەڵگری خەونێكەدواجار خۆی ماناكانی خەونەكە دەدۆڕێنێت، پرۆژەی خەونەلەساتەوەختێك نایدۆڕێنێت، بەڵام كاتێ ڕاپەرین دەبێ بە گۆڕانی دەسەڵاتەكان لەوەی دەمامكی بەعس دەگۆڕینەوە بەدەمامكی حزبی كوردیی، ئەلەوێدا هەست دەكەین گومانێك هەیە لەوەیئێمە ڕاپەریبین، ڕاستە ئێمە دیكتاتۆرێك لەماڵەكانمان دەردەكەین، بەڵام دواجار بەهەمان یاساكانی ئەو بۆژیان كار دەكەینەوە ئەویش تەنیا خەونی كوڕەكانە بۆ باوكایەتی،چونكە ئەو كاتە هیچ گۆڕانێك نابینین ، ڕاپەرین زوو هەست بە پیریەتیەكەی كرا، مانگێك ناخایەنێت بەعس دەگەڕێتەوە، حزب و كۆمەڵگا بۆ ناوچە شاخاویەكان و سەر سنوور ڕادەكەن، ئەو ڕاكردنەلەدەلالەتی ترەوە ڕاكردنی ڕاپەرینە، ڕاپەرینەڕادەكاتەسەر سنوور،و ئەگەرڕاپەرین لە گوتاریی حەماسی خۆی ڕزگار بكردبا، بەوەیكۆمەڵگا دەبێ لەهەمو سیستمەكانی بەعس یاخی بێتو خەونی بوونە باوكایەتیلای حزبەكان گەورە نەبوایە، ئەو كاتەگۆران خەونێك دەبوو دەكرا هەموومان خۆمان لەپێناویدا بەكوشت بدابا، چونكە لەمێژووی ئێمەدا پێشمەرگە ئەو كارەكتەرەیە كەمردنی لەپێناو ڕزگاریی پێشیرینترەلەژیانی داگیركەر، ڕاپەرین لە چركەیەكدا هەموو كۆمەڵگا دەكاتەپێشمەرگە، ئەو تاكەی شەرەفیڕاپەرینی پێدەبەخشرێودواجار ئەو شەرەفە دەبێت بە شەرەفی كۆمەڵگا، كەواتە(شەرەف وڕاپەرین) دوو چەمكی ناو خەونیڕزگاربوونیمرۆڤی كوردە، ئەو دووچەمكە دواتر ماناكان دەدۆڕێنن، بەوەی ڕاپەرین شەڕی ناوخۆ دەیكوژێتو ڕزگاركردنی شەرەفیش دەبێتە گەمەیەك و قۆناغێكینوێو مەرگدۆستی ئێمە دەست پێدەكات"دواتر دەگەڕێینەوەسەرئەو خاڵە".

كاتێ بەبڕیارێكی سیاسی بەرەی كوردستانیڕاپەرین دەبردرێتەسەرسنورەكان تا لەتەنانێكیبدرێتێ لەبرسان نەمرێ، ئەلەوێدا ڕاپەرین قاچەكانی بەفر دەیباتو ئەو شۆخەی ئێمەلەبەردەم زوومی كامێراTVوچەكدارەبێئابرووەكانی سەر سنوورسووك دەكەن،ئەلەوێدا ڕاپەرین جەستەیەكە داوادەكات لەتەنانێك و چادرێكی بدرێتێ تالەبرسان و لەسەرمان نەمرێت، كەچی كاتێ لەمردن ڕزگاریی دەبێت ڕاپەرین ئەو جەستە كزۆڵەیەی دەیانەوێتبەزیندوویەتیژێر خاك بێت، پرۆژەی زیندەبەچاڵ كردنی ڕاپەڕین لەلایان ئەو برایانەوە دەخرێتەڕوو كە ڕاپەرین دەیانكاتە باوكی كوردیی، ئەو باوكانەی ئێمە دەست دەخەنە نا دەستی ئەژدیهاو ماچی دەكەن،و پرۆژەی زیندەبەچاڵ كردنی ڕاپەرینی دەخەنە بەردەستی، تابەو كارەلە گەڵ ئەژدیها ئاشت بینەوە، ئاشت بوونەوە لەگەڵ بەعس بەواتای ڕاپەرین پرۆژەیەك بووبۆ دەسەڵاتنەك خەونی ڕزگاری چونكە خەون ئاشت نابێتەوە، خەون دێتە دی ئەو خەونەیبەشەری اوخۆ هەموو ئاسەوارەكانی ژیانی لەبەردەمدا دەكوژن و مەرگدۆستی دەكەنەئەلتەرناتیڤی، بۆیە ئەو حەقیقەتە لەوێداڕوونتر دەردەكەوێ، كەئەوەی دەسەڵاتی گرتۆتە دەستگۆڕانی نەهێناوە،بەڵكو ئەوەی گۆڕاوە"زمان، دەمامك،جلوبەرگە" كاتێ شوراكان سەركوت دەكرێنەوە،و حزبە بچوكەكان هێرشی سەربازییان دەكرێتەسەرو لە دانیشتن لەگەڵبەعس كۆمۆنیستەكان بە شەمشەمەكوێرەی شەو ناودەبرێنو لەوشار بۆئەوشار ڕاو دەنرێندواجار كوشتن دەبێتە زمانی حزب. تیرۆربووە بەدیاردەیەكی دیاری ڕاپەڕین و هەرگیز لەبەردەرگای ماڵەكانمان دوورناكەوێتەوە، حزب هەرگیز خۆی ناكاتە تاوانباریی تیرۆر، بەڵكو بەردەوام دەیەوێ تیرۆر ئەوڕووە نەبینراوە بێت، كەتیرۆرنەبێتە دەنگێك پرسیاریی خۆی بەرهەم بێنێت، بەڵكو پرسیارێك دەكات بۆئەوەی هەڵوەستەی لەسەر نەكرێت.

"كێ بوتیرۆری كرد؟ تیرۆریست ئاشكرا بكەن؟"ئەو پرسیارەش جۆرێكی تری وەڵامە، بەڵام بەڕووی پرسیار خۆی بۆئێمە ئارایشت دەكات،تاوەكو گومان نەكەین،و تیرۆردەبێت پرسیارێكی تری هەڵگرتبێت كە چەمكی قووڵ بەمانای قوربانیەكانمان ببەخشێ، ناكرێ بەرامبەر ئاشكراكردنی ڕووداوێكی تیرۆرخۆمان واحاڵی بكەین كەتیرۆریست سزای خۆی وەردەگرێت، چونكە تیرۆر بووە بە

بەشێك لە کلتوری ئێمە کە ڕاپەڕین دەیهێنێت بەوەی هەر کاتێ نەمانتوانیدیالۆگ لەگەڵ بەرامبەر بکەین و والەئەویتر بکەینکەدەبێ بڕوا بەبۆچوونەکانمان بکات و باوەڕی پێبێنین, ئەوا لەڕێگەی تیرۆرەوەهەوڵ دەدەین خۆمان بسپێنین, ئەوەش کارێکی بەعس بوو لەبەرامبەر ئێمەدا, بەوەی کاتێ دانی پیا نەنێیت دەتکوژێت, بۆیە ڕاپەڕین تەنیا لەڕووی دەسەڵاتی سیاسیەوە گۆڕان دێنێت,لەبەر ئەوەی لەکورتە ووتارێکی وادا ناکرێت قسەلەبارەی ئەو حالەتە بکرێت, بۆیە بۆچوونەکان چڕدەکەینەوە سەرخاڵێك ئەویش پسیاریی: ئایا ژنی کوردیی ڕزگاریی دەبێت؟چونکە جەستەی ژن دەبێتە هە ڵگریی شەرەف کۆمەڵگا, ئایا ئەو شەرەفە جارێکی تر لەسووکایەتی کردن وگۆڕینی کراسە ڕەشەکەی بەرلی کۆتایی دێت؟

ئەگەر جەستەی ژن لەرابردوودا ئامرازێك بێتکە بەعس شەرەفی"خێزان, نەتەوەوعەشیرەت"ی‌پێ‌لەکەدار بکات,وبەردوام ئەو جەستەیە ببێت بەقربی"پیاو, حزب,نەتەوە"بەوەی کاتێ پیاو لەناو حزبدا بۆ ڕزگاریی نەتەوە بەڕووی بەعس یاخی دەبێت,لەوێوە جەستەی ژن دەبێتە پانتاییەك بۆ تاوڵە سەندنەوە, بەهۆی دەسگیرکردنو لاقەکردنی, کەئەویش بۆ سووکایەتیە بەشەرەفی"حزب, پیاو, نەتەوە"

ئەوە سەرەرای ئەوەی ئەو ژنە, چونکە دواجار مێردەکەی ئەنفال دەکرێت, بەواتای مەرگدۆستی دەبێتە بویادێك لەناو جەسەی ئەو, کە (ئەو)ی گۆشەگیرتەنیا جەستەیەکە لەو دنیایە بۆدامرکاندنی غەریزەی نێرایەتی دوژمنەکانی نەتەوە ئەوەش کوشتنی لەزەتی ژن وسەپاندنی هێماکانی پیاوەتیە بۆ نێرینە,بۆیە ڕاپەرین بۆ ئەوجەستەیەئومێدی گەڕانەوەی لەزەتە بۆ ژیان, بەوەی‌ئەویش جارێکی دی هەڕەشەی جەستەی نێرینەی لەسەر نابێت بۆ دواجارکراسە ڕەشەکەی دادەکەنێت, بەڵام گەڕانەوەی دامەزراوەکانی دەسەڵات بەهەمان میکانیزم وتەنیا ڕەنگ و دەنگ دەگۆڕێت,ئەویش جارێکی تر ئومێدی لەناو ئەو دامەزراوانە دەکوژرێت وئەو دەکاتەوە بەپەراوێزێك' پەراوێزی شوناسی شەرەف, چونکە جەستەی ئەو ئەمجارە ئەگەر لەڕووی ستەمێك ڕزگاریی دەبێت, بەڵام جارێکی تر ئەو جەستەیە دەکەوێتەبەردەم هەڕەشەی حزب, ئەوەش مانای وایە بەتەنیا جێگۆرکێ بەدەسەڵاتەکان دەکرێت نەك گۆڕانیان, وەك چۆن جارێکی تر بەپەلە کراسە ڕەشەکەی لەبەر دەکات, چونکە ئەگەر ئەو کراسەی بۆمێردە ئەنفال کراوەکەی لەبەر کرد, ئەمجارە بۆ کۆرپەکەی لەبەری دەکات کەیان لەئیجە خنکاوە یاخود لەزیندانەکانی حزبی کوردیی دیلە,بۆیە ژنی کوردیی نەك گۆڕانی بەسەردا نایەت, بەڵکو ئەوە حزبە لەڕێگەی پۆشینی جلو بەرگێکەوە ویستەکانی زەوت دەکات و دەیەوێ جوانیەکانی بشارێتەوە, لێرەوەژن هەموو ئەو خونانە دەدۆرێنێ, کەلەڕاپەرین چاوەڕێی دەکرد, ئەوەی بۆ ڕۆشن دەبێت, ئەوە تەنیاوەهمێك بوو کەئەو چاوەڕێی دەکرد, ئەوەی‌بۆ ڕۆشن دەبێتئەوە تەنیا وەهمێك بوو کەئەو هەیبوو, چونکە ژن لەدیدیی حزب تەنیا کاڵایەکە, کاڵایەك لەکاتی‌دیل کردنی‌ئەو ژنانەی ئەندامی حزبی بەرامبەرن, زیندانی‌تایبەتیان بۆدەکرێتەوە, تاوەکو وەك دەسکەوتی ئابوری خێل سەیر بکرێت, ژن دەبێت ئەو جەستەیەی کەهەڵگریی خودکوژبێت بۆ بەختەوەری بەرامبەر, حزب لەیادەکانداشوناسی بە شەرەف بەو ژنانە دەدات کەلەپێناو حزب خۆیان "خنکاندووە, تەقاندووە, سووتاندووە" بەنمونەوەی باڵای ژن سەیریان دەکات, ئەوەش سیستمێکە دەیەوێ ژن وەك ڕابردوو بێ, سەیرە ووڵاتێك ڕاپەرینی تیا دەکرێت, بەڵام ڕاپەرین ناتوانێ لەپەنجەرەی ماڵەکان بێتە ژووری, دەتوانێ سەگێکی هار لە کوردستان دەربکات, بەڵام ڕاپەرین ناتوانێ لەپەنجەرەی ماڵەکانەوە بێتە ژووریێ, دەتوانێ سەگێکی هار لە کوردستان دەربکات, بەڵام هەرگیز توانای ئەوەی نییە دەسەڵاتی باوکایەتی‌خێزان بگۆڕێت, ئەگەر لەئەمڕۆدا بەوە خۆمان بخەڵەتێنین, کەژنان لە فەرمانگەکاندا کار دەکەن و خاوەن ئابووریەکی سەربەخۆو ئازادن و ئەوەتە وەزیرو ئەندام پەرلەمانن, من لەوێ تووشی گومان ئەبم, کاتێ دەبینین ژن بەهۆی ڕابردووی خۆیەوە ئەو پلەیەی پێ نادرێ, بەڵکو بە ڕێز گرتن لەپیاوەکەی جا پیاو شەهید بێ یا زیندوو بۆیە بەشداریی کردنی تەنیا سیمایەکی ڕووکاریانەیە, دواجار جگەلە بووکە شووشەیەك کۆمەڵگا بەهیچی تر نازانێ, لەماتی‌قۆناغی یەکەمی شەڕی ناوخۆ, ئەو هەمووژنەلەناو باڵەخانەی پەرلەمان مانیان گرت بۆئەوەی ئیدیی خوێنی ڕۆڵەکانیان بە فیڕۆ نەڕوات, کێ ڕێزی لەئیرادەی ئەزو ژنانە گرت, ئایا ئەو کارە تەنها وەك هەڵوێستی حزبی سەیر ناکرێ, بەوەی حزبێك خۆی بەوە بادەدات زۆرترینیان ئەندامی ئەون, لەوەشدا ژن نەك ئازادە, ئەودەبێت بپرسێت: لەکۆمەڵگای مەرگدۆستدا توانای چی هەیە بیکات؟نەکلەبەر ئەوەی گوێی‌لێ ناگیرێت, بەڵکوئەو بەردەوام هەڕەشەی کوشتنی لەسەرە, ئایائەو ژنانەی لەماوەی‌دوانزەساڵەی دەسەڵاتی کوردیی کوژرانژمارەیان بەقەد ئەو کوژراوانەی شەڕی حزبەکان نییە؟ کوشتنی ئەو هەموو ژنە دەسکەوتی ڕاپەڕینە یا درێژکراوەیەکی مێژووییە؟

ڕاپورین توانای ئەوەی‌نەبوو جیهانبینی ئێمە بۆ ژیان بگۆڕێت, بەڵکو لەژێر پەردەی شەرەفەوەکوشتارگەیەکی بۆکۆمەڵگا هێناوەکەدرێژکراوەی مێژووی بەشەریەتە, مێژوویەك ئەو کۆمەڵگایانەی دروستیان کردووە, ئەمڕۆ بەپەلەیەکی شەرمەزاریی ناو ڕابردووی خۆیانی دەزانن, کەچی ئێمە ئەو کوشتارگەیە لەناو "ئێستا" مان زیندوو دەکەینەوە, لەکاتێکدا ئەوانەی لەناو

سیستمێکی سیاسیشدائەو قەسابخانەیان درووست کرد، ئەمڕۆ لە دەستووری ولأنەکەیان سڕیوویانەتەوە، بەهەڵەیەکی خۆیان لەناو مێژوودا ناوی دەبەن.

هەڵەیەك وەك ئەو هەڵەیەیە ئێمەسەرمان سووڕ دەمێنیٚ چۆن مرۆڤی سەرەتاییلەبەرئەوەەی هەورە تریشقەو بارانی دیووەلەترسان کچی جوانیان خستۆتە ناوڕووبارەوە تاوەکو ئاسمان لێیان خۆش بێت، ئەگەرئێستا لەوە دەگەینئاسمان چ پەیوەندیی بەو کچانەوە هەبوو، ئەوە سبەینێش دوای ئەوەیدایك و وشك و هاوسەرو ئامۆزابەناوی شەرەف دەکوژین، ئەوسا دەپرسینکوشتن چ دیدێکی ئفلیجی ئێمە بووبەوەی کوشتن پڕۆسەیەکی مەرگدۆستیەو ژیانی خۆمانی پیٚ تاریك دەکەین، چونکە پێپمان وایە بەو کوشتنە ئابڕووی تکاومان بۆ دەگەڕێتەوە، ئەگەر ئەنجەمدەرانی ئەو کارە پاساوی ئەو کارەبەوە بێننەوە، کەئەوان کارێکی شەرعی بەجیٚ دەگەیەنن، دەبیٚ هەر ئەوان بەپێی شەرع بکوژرێەوە،چونکەلەئیسلامدانەووتراوەکەسیٚ لەسەر زیناکردن بکوژرێت بەڵکوبەئاگاهێنانەوەو سزادانراوە، ئەویش بەدوای ئەوەی چوارکس دوانەی جووت بوووبەیەکەوە ببینن، هەریەك لەودووانە سزاکەی "سەد دارە"نەك ژنەکەبکوژریٚو پیاوەکەش ئازادبکرێت، ئەوەلەکاتێکداژن کوشتنلەوولأتی ئێمە بەبیٚ ینینی پڕۆسەکە لەلایان هیچ کەسێکەوە ژن دەکوژرێت و هیچ پیاوێکیش پەنجەی تاوانبیاری بۆڕاناکێشرێت، وەك چۆن لەکاتیکێشەی کلنتۆن لەگەڵ مۆنیکا تەلەفزیۆنەکانوێنەی مۆنیکایان وەك سۆزانیەك ەردەخست، کەچی هەرگیز شەرم لەوەنەدەکرا لەوکاتەی ئەو وێنانەنیشان دەدەنکەم نەبوون ئەو ئەنفالچیانەی دوێنیٚو شۆڕشگێڕانەی ئەمڕۆ کەلەبڕی مۆنیکایەك شەوانەمۆنیکاکانیان دەگۆڕن،، دواجار هەرخۆشیان پشتگیریی لەکوشتنیان دەکەن، لەکاتێکدائەوەیپیاو هەرگیزناوی بەدڕەوشتی لیٚنانرێت، هەقوایەدوایدوانزەساڵ لەخێن ڕشتنیجەستەی ژن، ئیدیی پرسیار لەو کوشتنە بکەین، کەژن دەکوژێت و پیاو وئازاد دەکات، چیدیی لەخۆڕایی ئەو ڕەگەزەیناو کۆمەڵگا نەکوژرێت، چونکە ئێمە ماناکانی ڕاپەڕین دەدۆڕێنین، کاتیٚ نەتوانین گۆڕان لەو عەقڵیەتەپەترياکييەی خۆمان درووست بکەین، ئیدی ڕاپەڕینیچی کەئێمەبەڕووی بەعس ڕاپەڕین و دواجار نێوان پەنجەکانمان خوێنی میوووی ژنی تیاووشك بووبێتەوە، بۆچی دەبێت بەعس لەناو ژیانمان دەربکەین و کەچی کاربەیاساکانی بکەین؟ ئایا کارکردن بەیاساکانی بەعس جگەلە مەرگدۆستی دەکریٚ بەچیدیی نا بەرین؟ یاسایەك بۆ سووککردنی ژنەو دواجارپیاو لەگوناهبارەوەبۆوێنەی بێگوناح ناودەبات، ئایا ڕاپەڕیندووبارەکردنەوەیسیستمی سەپێنراو بوو؟ یاخود بۆگۆڕینی سیستم بوو؟وەلأمیئەو پرسیارە دەبەستینەوەبەبڕگەیەکی سزادانان"ماددەی227بەشیدووەم"کەتێیدا هاتووە(بۆپیاوانتەنیا لەکاتێکدالەماڵیزەوجی خۆیاندازینا بکەنبەتاوان بۆیان دەژمێردرێت، بەڵام بۆژنان زینالەهەر شوێنێك ئەنجام بدرێت تاوانە) ئەوبڕیارەخاوەن ستراتیژێکی ئاشکرایەلەناویاساداکەڕێگەبەهەڵەکردن دەدات،بەوەیژن دەبێت بکوژرێتپیاوئازادە،ئەگەربەعس دراکۆلایەك بووئارەزووی لەخوێن بوو، دەبێت چ ئارەزوویەك هەبێت ڕاپەڕین خوێن بەرهەم بێنێتەوە؟ ئایا ڕاپەڕین بۆڕژانی خوێن کرا یان بۆ یاخود ڕاگرتنی ئەو برینەنەزیفەی جەستەی ژنیکوردیی؟ هەرئەوپرسیارەیە دواجار وامان لێدەکات ژن لەناو ڕاپەڕین تەنیا ئامادەگی شەرەف بەرهەم بێنێتو نەتوانێت وەك مرۆڤێکی کارای ناو کۆمەڵگا دەربکەوێت، چونکە لەبوونی بوێری بۆ گۆڕینی ئەوکلتورەی کپاشخانێکی خوێناوی هەیە گومانمان لادروستدەکات بەوەی ڕاپەڕین دەسخەڕۆدانێکە بۆ قەسابخانەیەکی خوێناوی کەدیوارەکانی بەخوێنی جەستەی ژن بۆیە دەکرێت، ئیدی قێز لەرەنگی ئەودیوارەکان دەکەینەوە کەلەیادی ڕاپەڕین دینوسین، (بەدوای دوانزەساڵ لە حوکمڕانی کوردی دەبێت بۆ ئەوە ڕاپەڕی بین تا چالاکانەتر ژن بکوژین و شانازی بە دەستە خوێناویەکانمان بکەین بۆ بەوەی پاکی شەرەفی لیٚ بتکیٚ).

دەبی ئەوهەموو ژنەی کوژران بێشەرەف بوبن؟؟؟ یا ئەوان پەپولەی سەرشەقامەکان بونو ئێمەی چەقۆ کێشی بەردەم سینەماکان نەمان دەتوانی لەمانای پیاسەکانیان تێبگەینو لەداخی گریٚ دەرونیەکانی خۆمان دەبوایە بیانکوژین، ئایا ئەوە وامان لێناکات شەرم لەپیاوبونی خۆمان بکەینو لەبری پیاوکوژان بڵێن: (ببورە ئەی ژن منی نەخۆش دەبوایە تۆی پەپولەی پیاسەکانی ئێواران بکوژم..لە کوشتن زیاتر چارەیەکی ترم نەبوو).